بۆ شوکرواللەی بابان

بەکر ئەحمەد

ئەم سەربانە , وڵاتی بە بێ پە نجەرە و زەمینی بەبێ سنوورە
ئەوەتانێ هەموو ڕۆژێك پێش ئێواران, پەیژەکەمان بانگماندەکات
تا چەند مەترێك لە ئاسمان نزیکببینەوە.
کەچی خوشکم , کە نازانم چاوانی لە دوای چی وێلە
بە خۆیی و نانی دەستییەوە, خەریکە لەسەر ئەیذەکە بەرێتەوە.
لە باڵەخانەکەی ئەوبەرەوە, باجی خەجیج دەڵێ: یا غەوز.
ساحێبخانووەکەمان دەڵێ: کضێ کوێر بی! طڵت بە طوێسوانەکەوە نەهێشت.
من دوو کاڵەك لە ضیغەکەی خۆمانەوە, بۆ ضیغی ڕیزە سەربانی ئەو لا دەبەم
لەوسەرەوە, قاشێك شووتی, زۆر طەورەتر لە دەستێکم, بە دەستەوە.
دایکم سفرە ڕادەخات و بانطێ لە کاك برایم دەکات: هەرضی خوا داویەتی بیخۆ!
ئازادیش دێ: دیسانەوە ساوەرمان بوو.
دایکم دەدا بەسەر سنطیا: ڕەبی شەیتان, ملت شکێ
ئەو مجێورە بەستەزمانەمان لەبیر ضوو
لەبەر دەرکی مزطەوتەوە, من بە فڕکانێ دێمەوە.
بۆنی میوە, بۆنی خواردن, ڕەنطی ئاسمان
نیطای دایکم, طەرمی نانی وەستا غەفوور کە بە ڕانما تنۆك تنۆك دەضێتەخوار
باوکم دەڵێ: بەخوا هەر ئەومان نوقسانە.
دەستێکدەبا و بە ئەنجەیەك مەوجی رادیۆکە با دەدا
هەوا ئیردەبێ لە شیعر و
ضیغی ئێمە, باڵەخانەکەی بەرانبەر, هەموو سەربان
دەبێ بە "هەوارطەی دلآن."

14ی تەمووزی 2003